# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- منی کرد بە بەرپرسیار لەسەر سەربڕینی وشترەکانی؛ وفەرمانی پێکردم گۆشت وپێست وڕاخەری سەر پشتی وشترەکان وەکو خێر ببەخشم، وهیچ لەوانە بە قەسابەکە نەدەم

لە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- منی کرد بە بەرپرسیار لەسەر سەربڕینی وشترەکانی (ئەوانەی کە دەیویست بیانکاتە قوربانی)؛ وفەرمانی پێکردم گۆشت وپێست وڕاخەری سەر پشتی وشترەکان وەکو خێر ببەخشم، وفەرمانی پێکردم هیچ لەوانە بە قەسابەکە نەدەم».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە حەجیماڵئاواییدا بەرەو مەککە هات وهەندێ ئاژەڵی لەگەڵدا بوو بۆ قوربانیکردن (بۆ هەدی)، وعەلی کوڕی ئەبی تاڵیب -ڕەزای خوای لێبێت- لە یەمەنەوە هات، وئەویش هەندێک قوربانی (هەدی) پێبوو چونکە ئەم قوربانیکردنە مافی هەژارانە بۆیە ئەو کەسەی قوربانی دەکات مافی ئەوەی نییە بەهەر شێوەیەک بێت بەکاریان بهێنێت بۆ نمونە وەکو گۆڕینەوە بەرامبەر شتێک، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کرد کە وەکو کرێی کارەکەی هەندێک لە قوربانیەکە بدرێت بە قەسابەکە، بەڵکو دەبێت کرێی پێبدرێت بە جیا ونابێت هیچ شتێک لە گۆشت یان پێست یان ڕاخەری سەرپشتی قوربانیەکە وەکو کرێ بە قەسابەکە بدرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3065

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee